**ئەو خێزاندارانەی جیادەبنەوە بەتاوانبار**
**بەرامبەر ژینگە ناوزەد دەکرێن**



گەشاوە جاف

وەرگێڕانی لە هۆلەندیەوە :

گەشاوە جاف

ئەمستردام - ژینگە پاریزان بۆیان نییە جیا ببنەوە ،لەبەر ئەوەی کارەساتە بۆ سەر سروشت .

ئەمە سەردێری هەواڵی رۆژنامەی ( تەلی گرافی هۆلەندی ) بوو کە باس لەوە دەکات جیابوونەوەی خێزاندارەکان تەنها کاریگەری لەسەر

منداڵ و هەڵوەشاندنەوەی خێزان ناکات بگرە هۆکارێکی ترسناکیشە بۆ ژینگە، بۆیە ئەو کەسانەی کە ژینگەپارێزن بۆیان نییە جیا ببنەوە .

هەواڵەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

ئەو کەسانەی جیا بوونەتەوە لە ٥٣٪ زیاتر کارەبا بەکار دەهێنن و ڕێژەی لە ٤٢٪ زیاتر ئاو بەکاردەهێنن ، ئەم ڕێژانە لە ئەنجامی

بەدواداچوونێکی زانکۆی ( میخیگان) دەرکەوت .

زیادبوونی ریژەی ژیانی تاکەکەسیی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە زۆر خانوو دروست بکرێتو زۆر ڕێگەوبان بنیاد بنرێن کە ئەمانە کاریگەری

خراپیان هەیە بۆ سەر ژینگە .

ماڵە تاکەکەسییەکان لە سەرو لە ٤٢٪ شتومەک دادەنێن لە ماڵەکانیان و بەکاریدەهێنن ، لە سەرو ئەمانەشەوە یەک جار و نیو زیاتر

پاشماوە لەسەر شەقام دادەنێن ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو کەسانەی کە جیانەبوونەتەوە و بە خێزانداریی ماونەتەوە.

لەپاڵ ئەو  قسەیەی  کە دەڵێ  "لەگەڵ یەکتر بمێننەوە لەبەر (منداڵ)

دەتوانن ئەمەشی بۆ زیادبکەنو بڵێن"لەگەڵ یەکتر بمێننەوە لەبەر( ژینگە)."

کەواتە لەرێگەی ئەم هەواڵە بۆماندەرکەوت کە پێش جیابوونەوەت بیر لە دوو شت بکەرەوە یەکەم منداڵ .. دووەم ژینگە.

لەندەن / ٢٠٠٧